
# تۆمەتباران سەلماندیان ئامادەن بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو تاوانە قێزەونانە کاتێک دەرفەتێکی تری وەک ئەوەی رابردوویان بکەوێتەوە بەردەست.

## د.کازم حەبیب- نووسەرو سیاسی و چالاک لە بوارەکانی مافی مرۆڤ بۆ ئاڵای ئازادی



**کازم حەبیب، نوسەرو سیاسیەکی دیاری عێراقی و دۆستێکی دێرینی کوردانە، لە ١٦/٤/١٩٣٥ لە شاری کەربەلای عێراق لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە خوێندەوەو پاشان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٨ بەهۆی بەشداری سیاسیەوە زیندانی کراوەو دوورخراوەتەوە. پاشان لە لوبنان خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووەو لە ساڵ١٩٦٤ لە بەرلین بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوەو دواتر لەهەمان کۆلێژ ماستەرو لە ساڵی ١٩٧٣یش لەهەمان کۆلێژ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. لە ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨١ لە جەزائیر وانەی وتۆتەوەو لە ساڵی ١٩٨١ یشەوە زانکۆی لە جەزائیر بەجێهێشت و هاتە کوردستانی عێراقەوە بۆ ڕیزی تێکۆشان دژی بەعس.**

**د.کازم حەبیب زیاتر لە بیست و پێنج کتێبی لە بوارە جیاجیاکانی ئابوری و سیاسی و مافەکانی مرۆڤ نوسیوەو بەدەیان وتارو توێژینەوەشی بە زمانەکانی عەرەبی و ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە..لەناو ئەو بەرهەمانەشیدا بەشێکیان پەیوەندیان بە کوردو خەباتی کوردەکانەوە هەیە.**

**ئێستاش و لە ساڵی ١٩٨١ ەوە د. کازم حەبیب لەگەڵ خێزانەکەیو کچ و کوڕێکیدا لە ئەڵمانیا دەژین.**

**ئەم دیدارەش پەیوەندی بە بایەخی کازم حەبیبەوە هەیە بە دۆسیەی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردەوەیە**

---

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

کازم حەبیب:ـ ڕەوتی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەو تاوانە قێزەونانەی لەپرۆسەکانی ئەنفالو کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا ئەنجامدران، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک راستیی بنەڕەتی، گرنگترینیان:

١/ تاوانبارە سەرەکییەکانی بەردەم دادگای ئەنفالو لەسەروو هەموویانەوە سەدام حسێن-ی گۆڕبەگۆڕ، ئەوەیان سەلماند کە لەکاتی پلاندانانو رێکخستنو بەئەنجامگەیاندنی قەسابخانەکانی ئەنفالو هەڵەبجەدا لەتەواوی هۆشو گۆشی خۆیاندا بوونو لەدیدێکی رەگەزپەرستانەی پڕ لەرقو قینەی دژ بەنەتەوەی کوردو بزووتنەوەی خەباتگێڕانەی گەلی کورد لەپێناوی مافەکانیدا ئەو تاوانانەیان ئەنجامداوە، پاش ١٩ ساڵیش بەسەر ئەو رووداوانەدا لەهەڵوێستی فیکریو ئەقڵییەتی دوژمنکارانەو هەڵوێستی سیاسیی سەرکوتگەرانەو سادیانەیان پاشگەز نەبوونەتەوە. ئەمە لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگاییەکەداو لەکاتی ئامادەیی سەدام حسێنو بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ بەروونی دیار بوو، هەروەها لەئیعترافەکانی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی)دا بەروونی دیار بوو کە بەپۆزێکەوە رەفتاری دەکرد هاوشێوەی نیە مەگەر لای ئەو کەسانە نەبێت کە وەک ئەو رقاوینو قینیان لەمرۆڤو مرۆڤایەتی دەبێتەوە.

٢/ ئەوەشیان سەلماند، کە لەرووی دەروونیو ئەقڵییەوە ئامادەن بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو تاوانە قێزەونانە هەر کاتێک دەرفەتێکی تری وەک ئەوەی رابردوویان بکەوێتەوە بەردەست.

٣/ هەموو تاوانبارە سەرەکییەکانو هەندێکیش لەشایەتەکان، لەوانە تاریق عەزیز، لەوەدا درۆیان کرد کە دەیانوت ئێران بوو لەئازاری ساڵی ١٩٨٨دا چەکی کیمیاویی دژی خەڵکی هەڵەبجە بەکارهێناوە.

شایەتەکان توانییان بەڵگەی یەکلاکەرەوە بهێننەوە لەسەر ئەوەی رژێمی بەعسی سەددامی هەموو ئەو تاوانانەی دژی ژنو منداڵو پیرو پەککەوتە ئەنجامداوەو لاوانیان بەرێژەیەکی زۆر کوشتووەو زیندەبەچاڵیان کردوون، یان رەشبگیریان کردوونو بەرەو شوێنی دوور بردوویانو لەوێ زۆر نامرۆییانە مامەڵەیان کردوون، مامەڵەیەکی پڕاوپڕ لەگیانی رقو ئارەزووی لەناوبردن.

بەڵام بایەخی دادگای ئەنفال لەمەسەلەیەکی زۆر گرنگدایە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر بەروونی پەردە لەسەر رووی راستەقینەی رژێمێک هەڵدەماڵێت ٣٥ ساڵ بەردەوام بوو لەدەسەڵاتدا، لەماوەی ئەو ٣٥ ساڵەشدا چەندین شەڕی ناوخۆی بەرپاکردوەو راگواستنی زۆرەملێی ئەنجامداوەو سیاسەتی بەعەرەبکردنو جینۆسایدو رەشبگیرو زیندانیکردنی پەیڕەوکردوەو دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا دروستکردوە، هەروەک چەندین شەڕی دەرەکیی ستەمکارانەی ناوەتەوە بەبێ ئەوەی رای گشتیی عەرەبیو جیهانیو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ورتەیان لێوەبێتو نارەزاییەک بەرامبەر ئەو تاوانە قێزەونانە دەرببڕن لەکاتی ئەنجامدانیاندا بەمەبەستی راگرتنیان، بەتاوانەکانی ئەنفالو هەڵەبجەشەوە. ئەوەش گوزارشت لەلاوازیی هەستبەرزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات لەئاستی هەموو ئەو مەینەتییانەی بەسەر مرۆڤدا دێن لەسەردەستی رژێمە سەرکوتگەرو ستەمکارو شۆڤینیستەکان.

ئەوەی پەژارەکەم زیاتر دەکات ئەوەیە کە بەشێکی یەکجار زۆری عەرەبی عیراق یان عەرەبی وڵاتانی عەرەبی نایەوێت دان بەتاوانەکانی پرۆسەی ئەنفالدا بنێت کە لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراون. ئەگەرچی رژێمی لەناوچوو و سەرۆکە گۆڕبەگۆڕەکەی ئەو رژێمە ئیددیعای ئەوەیان دەکرد ئەو تاوانانە لەپێناوی نەتەوەی عەرەبو لەترسی شعوبییەکانو دوژمنانی نەتەوەی عەرەب ئەنجام دەدەن!!

گومانم نیە لەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بەسزای رەوای خۆیان دەگەن لەپای ئەو تاوانانەی لەدژی مرۆڤی کورد بەتایبەتیو دژی قوربانیانی تری کوردستان لەپرۆسەکانی ئەنفالو هەڵەبجەداو هەروەها دژی گوندو دێهاتو ژینگەی کوردستان بەگشتی ئەنجامیان داوە.

**ئاڵای ئازادی : دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

کازم حەبیب ـ پێم وانییە لەسێدارەدانی سەدام لەسەر کێشەی دوجەیل لەبایەخی دادگای تاوانبارانی ئەنفال کەم بکاتەوە، لەنێویشیاندا سەدام حسێن خۆی کە حوکمی لەسێدارەدانەکەی جێبەجێ کراوە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر بەر لەپرسی دوجەیل لەسەر پرسی ئەنفال دادگایی بکرایە مەسەلەکە رەهەندێکی مرۆیی قووڵترو سەراپاگیرتری وەردەگرت، چ لەرووی سروشتی تاوانەکەوە کە تاوانێکی رەگەزپەرستانەی دژ بەگەلی کوردە لەکەسێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی شۆڤینیستی رەفتار سادییەوە کە رقی لەهەموو نەتەوەکانی تری عیراق دەبێتەوە، یان لەرووی ئەو چەکانەوە کە لەو پرۆسانەدا بەکارهێنرانو لەنێویاندا چەکی کیمیاویش، یان لەرووی ئەو دەزگایانەوە کە تیایدا بەشدار بوون، بەجاشو بەکرێگیراوەوە، ئەمە بێجگە لەگەورەیی ژمارەی ئەوانەی شەهید بوون لەو پرۆسانەداو ژمارەی ئەو گوندانەی وێرانکرانو ژمارەی ئەو خەڵکەی لەشوێنی خۆیان هەڵکەنران، یان لەرووی ئەو ماوەیەی پرۆسەکان خایاندیان.

لەسەر باسی بایەخی دادگاکەی دوجەیلو قەبەیی ئەو تاوانەی روویداو ئەو ئازارەی بەخەڵکی دوجەیل گەیشتو ئەو شەهیدانەی لەو کێشەیەدا خوێنیان رژا، دەبێت بڵێم کە سەیرەکە ئەوە بوو ئەویش وەها خرایەروو وەک ئەوەی مەسەلەیەکی تایەفەگەری سرف بێت، بەتایبەتیش کە پرۆسەی لەسێدارەدانەکە زۆر بەناشرینی دەرهێنراو سیمایەکی تایەفەگەرییانەی قێزەونی پێ بەخشرا لەلایەن هەندێک گرووپەوە کە ئامادەی شوێنو کاتی لەسێدارەدانەکەی سەدام حسێن بوون.

**ئاڵای ئازادی : دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

کازم حەبیب:ـ ئەوە ئاواتێکە، بەڵام سەرکوتگەران هەردەم ئەوەیان سەلماندوە کە وانە لە سەرکوتگەرەکانی پێش خۆیان وەرناگرن، بەڵکو هەمیشە بەردەوام دەبن لەسەر پەیڕەوکردنی تاوانەکانیان دەرهەق بەخەڵک، جێی داخیشە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێشتا نەگەشتۆتە ئەو ئاستە باڵایەی بتوانێت سنوور لەبەردەم ئەو تاوانانەدا دابنێت کە لەپارچەکانی تری کوردستاندا دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش دیسان سوودیان لەپەندەکانی سەدام حسێن وەرنەگرتوە. نموونەکەی تورکیا زۆر زەقە کە چ هەڵوێستێکی هەیە لەبزاڤی رزگاریخوازی کوردایەتی لەباکووری کوردستانو هەروەها ئەو گومانانەی بەم دواییە دروست بوون لەبارەی ژەهراویکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی خەباتگێڕی کورد.

هێشتا یاسای نێودەوڵەتی توانای ئەوەی نیە رۆڵی خۆی بگێڕێت لەسزادانی سەرکوتگەرانی سەر رووی زەوی، بەبەرچاوی هەمومانەوە رەفتاری دوژمنکارانە دژی گەلی دارفۆر پەیڕەو دەکرێ لەرۆژاوای سودانو عومەر ئەلبەشیر بەرپرسی یەکەمی ئەو تاوانانەیە، هەموشمان رەفتاری لیبیا دەبینین دەرهەق بە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەڵوێستی ئێرانیش دەبینین لەدەستگیرکردنو زیندانیکردنی ژنانی تێکۆشەر لەپێناوی مافەکانی مرۆڤدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاسا نێودەوڵەتییەکان هەر گرنگیی خۆیان هەیە بەو پێیەی چەکێکن بەدەست خەڵکەوە بۆ خەباتکردن دژی چەوسێنەرانیانو زەوتکەرانی مافو ئازادییەکانیان.

**ئاڵای ئازادی : دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاساییو پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

کازم حەبیب ـ دەبێت دەستەی دادگاییکردن بەگوێرەی یاساو داد حوکمی شایستە بدات بەسەر هەر تێوەگلاوێک لەو تاوانە قێزەونانە. من مافی ئەوەم نیە حوکم دەربکەم، چونکە من نە قازیم نە پارێزەرم، بەڵام پێموایە خەڵکێکی زۆر هەن دەبوو بدرێنە دادگاو لەنێو قەفەزی تۆمەتباراندا دابنیشن چونکە بەشداریی کارایان هەبوە لەپرۆسە ترسناکەکانی ئەنفالدا، ئەوەش وەک تۆڵەکردنەوە نا، بەڵکو بۆ ئەوەی داد بەسەر هەر هەموو تاوانکارێکدا بسەپێنرێت.

گومان لەوەدا نیە ئەو کۆمەڵەی ئەمرۆ لەبەردەم دادگادان، هەموویان بەیەک ئاست بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانە هەڵناگرن کە لەپرۆسەکانی ئەنفالو قەسابخانەکەی هەڵەبجەدا ئەنجامدراون، جیاوازیی نێوان عەلی حەسەن ئەلمەجیدو تاهیر ئەلعانی لەمبارەیەوە وەک جیاوازیی نێوان زەویو ئاسمان وایە.

من حاڵەتێکی دیاریکراوتان بۆ دەگێڕمەوە کە بەسەر خۆمدا هات ئەو کاتەی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ بووم لەساڵی ١٩٧٨داو بەر لەوەی لەلایەن بەعسییەکانەوە دەستگیر بکرێمو دواتر خانەنشین بکرێم وەک سزایەک لەسەر ئەوەی دوژمنی شۆڕش بوومو دواتریش بەتۆمەتی ناوزڕاندنی شۆڕشو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بدرێمە دادگا، دیارە ئەو کاتە توانیم خۆم لەو دادگایە بدزمەوەو بەنهێنی عیراقم بەجێ هێشت.

تاهیر ئەلعانی ئەو کاتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ بوو، ئەو بەتەلەفۆن پەیوەندیی پێوەکردمو تکای لێکردم بچم بۆ ژوورەکەی بۆ ئەوەی بیبینمو منیش چووم.

بەیەک وشە پێی وتم: دکتۆر کازم، پەلتان بەرەڵڵاکردوە، مەبەستیشی ئەوەبوو کە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراق پەرتەوازە بوون. وتیشی حزبەکەتان لەلایەن ئێمەوە مینرێژ کراوە، وتم: ئەی مینەکانتان تا کوێ گەیشتوون؟ وتی گەیشتوونەتە زۆر قووڵاییو ئاستی زۆر گرنگیان بڕیوە، هەندێکیشتان لای ئێمە لەرۆژنامەگەریی ئێمەدا کار دەکەن، پرسیاری ئەوەم لێکرد بزانم دەیەوێ بەو قسانە جۆرێک لەشێواندن دژی حزب پەیڕەو بکات، سوێندی خوارد کە راستگۆیانە قسەم لەگەڵ دەکات، بێگومان راستیشی دەکرد. ئەو کاتە من مەکتەبی سیاسیی حزبم لەقسەکانی ئەو ئاگادارکردەوە، هەستیشم بەوەکرد کە ئەلعانی خۆی لەکۆتایی چلەکاندا هەواداری حزبی شیوعی بوەو هێشتاش سۆزێکی هەیە بۆ حزبی شیوعیو بۆ پێشکەوتنخوازەکان.

لەبەهاری ساڵی ١٩٧٨دا حزبی بەعس ٣٤ لاوی شیوعیو دیموکراتخوازی لەسێدارەداو تۆمەتی ئەوەی دایە پاڵیان کە کاری سیاسیان لەناو هێزە چەکدارەکاندا ئەنجامداوە، من هەڵمەتێکی فراوانم دژی لەسێدارەدانی ئەو لاوانە دەست پێکردو چاوم بەتاهیر ئەلعانی کەوت، ئەو کاتە بەرپرسی رێکخراوی حزبی بەعس بوو لەناوچەی بەغدا، من وەک گای هەڵچوو قسەم دەکردو زۆر بەتوندی ناڕەزاییم دەردەبڕی دژی لەسێدارەدانی ئەو پۆلە لاوە، پەنجەی تاوانیشم بۆ سەدام حسێن درێژ دەکرد کە ئەو تاوانە فاشییانەیەی دژیان ئەنجام دابێت، تاهیر ئەلعانی بۆ دوو شت سەری بۆ لەقاندم، ئەوانیش: یەکەم لایەنگری تەواوی لەقسەکانم دەکردو لەو رووەوە هەڵوێستی زۆر روون بوو، دووهەمیش خەمی منی لێهاتبوو لەو قسە راشکاوانەی دەمکرد، چونکە کامێراو مایک دانرابوونو وێنەیان دەگرتو دەنگیان تۆمار دەکرد، بۆیە ئەو هیچ قسەی نەدەکرد، بەڵکو تەنها سەری رادەوەشاندو هیچی تر. پاش سێ مانگ بەبڕیارێکی سەدام حسێن زیندانیکرام. لێرەوەیە کە من ناتوانم دووراودوور بزانم هەریەک لەو تاوانبارانە چیی کردوە یان نەکردوە، چونکە بڕوام نیە کەسێکی وەک تاهیر ئەلعانی ئامادە بێت بۆ کوشتنی خەڵک، بەڵام گومانم لەتوانای ئەوانەی تر نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بزانم چ رۆڵێکی لەپرۆسەکانی ئەنفالدا گێڕاوە.

هەست دەکەم ژمارەیەکی زۆر خەڵک هەن دەبوو ببرێنە بەردەم دادگا بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوان لەپرۆسەکانی ئەنفالدا، ئومێدیشم وایە لەپاشەرۆژدا هەموو ئەوانە راپێچ بکرێن بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ خەڵکانی تر.

پێموایە قەرزێکی زۆر لەملی ئێمەی خەڵکی عیراقدایە دەرهەق بەقوربانیانی ئەنفالو هەڵەبجە، دەبێت هەمووشمان کار بۆ ئەوە بکەین ئەو قەرزە بدەینەوە، بەهەرچییەک کە بتوانین بۆ کەسوکاری ئەو قوربانییانەو دانیشتوانی هەڵەبجەی بکەین.

